**سێیەم :**
لە (٢٥ ٪)ی ئەو غەرامە فەوریانەی کە وەردەگیرێن بۆ کارمەندانی هاتوچۆ تەرخان دەکرێ.
**چوارەم :**
هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ، کاری پێ ناکرێ .
**پێنجەم :**
وەزیرە پێوەندارەکان ، دەبێ حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار .
**شەشەم :**
ئەم یاسایە لە رۆژی بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی ڕەسمیدا ، دەخرێتەکار .

**د. رۆژ نــوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بریــار: ١٩**
**مێژووی بڕیــار: ٢٠٠٠/١٠/١**

**(( بـڕیـــار ))**

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی رۆژی (٢٠٠٠/١٠/١)یدا ئەنجامی داوەو ، پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژماە (١٩)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە برگە (٣)ی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧)پێمانی داوە ، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

# یاسـای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٠

## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٣)ی وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاریی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم :**

مـاددەی پێنجـەمی یاسـای ژمـارە (٢٠)ی سـاڵی (١٩٩٣)ی وەزارەتـی یارمـەتیی مرۆڤایـەتی و هاوکاریی هەرێمی کوردستانی عێراق هەمواربکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێنرێتەوە:

**ماددەی پێنجەم :**

پەیکەربەندی (پێکهێنەکانی)وەزارەتەکە لەمانە پێك دێ :

١. نوسینگەی وەزیـر .

٢. نوسینگەی بریکاری وەزارەت .

٣. بەرێوەبەرێتی گشتی دیوان :فرمانبەرێ بە پلەی بەرێوەبەری گشتی سـەرۆکایەتی دەکـا بـە مـەرجێ بڕوانامـەی سـەرەتایی زانکـۆیی هـەبێ ، ئەمانـەی خوارەوەشـی پێـوە دەبەسترێ .

أ. بەڕێوەبەرێتی حسابات (ژمێریاری) .

ب. بەڕێوەبەرێتی تەدقیقکردن .

ج. بەڕێوەبەرێتی ئیدارەو زاتییە .

٤. بەڕێوەبـەرێتی گـشتیی پێوەندییـەکان : فرمانبـەرێ بـە پلـەی بەرێوەبـەری گـشتی سـەرۆکایەتی دەکـا بـە مـەرجێ بڕوانامـەی سـەرەتایی زانکـۆیی هـەبێ ، ئەمانـەی خوارەوەشی پێوە دەبەسترێ .

أ. بەڕێوەبەرێتی رێکخراوەکان .

ب. بەڕێوەبەرێتی تەنسیق و ئامادەکردنی پڕۆژەو بەدواداچوون .

٥. بەڕێوەبەرێتی گشتی سەفەرکردن : فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سـەرۆکایەتی دەکا بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ .

٦. بەڕێوەبـەرێتی گـشتی نوێنەرایەتییـەکانی هەنـدەرانی حکومـەتی هـەرێم : فرمانبـەرێ بـە پلەی بەڕێوەبەری گـشتی سـەرۆکایەتی دەکـا ، بڕوانامـەی سـەرەتایی زانکـۆیی هـەبێ ، بـە مـەرجێ ، لـە کـەمی زمـانی ئینگلیـزی بـە تـەواوی بزانـێ ، نوێنەرایەتییـەکانی هەنـدەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقیان پێوە دەبەسترێ کە ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەیـان پێ دەدرێ .

أ. تەحریری میرات (( تحرير التركات )) .

ب. پێڕاگەیاندنی (( تبليغ ))ی ئەوراقی دادگایی .

ج. دەسەڵاتی هەقیانەتنووس ( دادنووس )) .

د. بەجێگەیاندنی داواکارییەکانی جێگرتنەوە لە پێچانەوەدا (( الأنابة في التحقيق ))

هـ. جێگرتنەوە لە سوێنددانا (( الأنابة في التحليف )) .

و. موخابەرەکانی معاملەی حاڵوئەحواڵی مەدەنی .

ز. موخابەرەکانی کاروباری کۆنسلگەری .

٧. بەڕێوەبەرێتی کاروباری یاسایی .

**ماددەی دووەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ، ناخرێتەکار .

**ماددەی سێیەم :**

ئەم یاسایە لەو رۆژەوەی کە لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە ، دەخرێتەکار .

**د. رۆژ نــوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

(( **هۆکاری پێویست** ))

لەبەر ئەوەی کە ئەرك و فرمانی ئەم وەزارەتە ، لە بواری بۆ هەندەران ســەفەرکردندا

زیــاتر بــووەو ، چــەندین بەڕێوەبــەرێتی ســەفەرکردنیش لــە هەرێمەکەمانــدا کراونەتــەوە کــە پێویستیان بە بەڕێوەبەرێتیەکی گشتی هەیە سەرپەرشتی ئیـشەکانیان بکـات و کاروباریـان رێك بخـات و ، لەبــەر رووڵــەزیادبوونی ئــەو پێوەندییــە نێودەوڵەتییانــەش کــە لــە گــەڵ هــەرێمی کوردستانی عێراقدا بەرفراوان بووەو ، لە گەڵ دەوڵەتانیشدا نوێنەرایـەتیی هـەرێم کراونەتـەوە ، لەبەر ئەوانە هەمووی ، وامان بەباش زانی ، بۆ رێکخستنی کاروباری سەرشانخراوی ئەو دایەرانـە کە پێویستە بە بەڕێوەبەرییەکی گشتییەوە ببەسترێ ، ئەم یاسایەمان تەشریع کرد .

## به ناوی خوای گەورەو میهرەبـان

**به ناوی گەلەوە**

**ئه نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیـــار: ١٣**

**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/٩/٢٤**

(( **بــڕیـــار** ))

پشت بە حوکمی بڕگە (٢) لە ماددەی (٤٣)ی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢و ، ماددە (٣٥)یش لە پێڕەوی ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی ١٩٩٢ی ئەنجومـەن ، ئەنجومـەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ، لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠٠٠/٩/٢٤یدا ئەم بڕیـارەیدا :

**یەکـــەم:**قبـوڵ کردنـی دەسـت لەکارهـەڵگرتنی ( عـدنان محمـد حـسام الـدین نەقـشبەندی ) لـە ئەنـدامێتیی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق ، چـونکە خـۆی بـۆ پۆسـتی ئـەرکی وەزیـری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی تەرخان کردووە .

**دوووەم:** دەست لەکارهەڵگرتنەکەی لە رۆژی ٢٠٠٠/٩/٢٤ەوە ، دەخرێتە کار .

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە .

**د. رۆژ نـــوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئه نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**